UK Health Security Agency

# Td/IPV کوتانی بەهێزکەری

## 3 لە 1 بۆ گەنجان



**لە تەمەنی 14 ساڵیدا یان لەماوەی ساڵی 9 قوتابخانەدا تۆ شایستە دەبیت بۆ وەرگرتنی ژەمی ڤاکسینی کوتانی بەهێزکەری 3 لە 1 ی گەنجان کە ڕێگری دەکات لە دەردەکۆپان و وەناق (Diphtheria) و ئیفلیجی منداڵان. ڤاکسینی Td/IPV هەڵدەستێ بە بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری لەشی بۆ ئەم نەخۆشییانە کە دەکرێ زیاد بن لەوکاتەی گەشەدەکەیت و گەورە دەبیت.**

## ئایا هیچ جۆرێکی کاریگەری لاوەکی هەیە؟

شتێکی باوە ئەگەر هەندێک ئاوسان و سووربوونەوە و ئازار لە شوێنی دەرزی لێدانەکە پەیدا ببێت. هەندێکجار گرێیەکی بچوکی بێ ئازار گەشەدەکات، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی ئاسایی لەماوەی چەند هەفتەیەکدا نامێنن. کاریگەری لاوەکی مەترسیدارتر بە دەگمەن پەیدادەبن، بەڵام ئەمانە دەگرێتەوە وەکو تا، ئازاری سەر (ژانەسەر)، سەرگێژخواردن، گێژبوون یان هەستکردن بە لەهۆشخۆچوون، هەستکردن بە نەخۆشبوون، و ئاوسانی ڕژێنەکان.

ئەگەر دوابەدوی کاوتانەکە هەستت بە باشی نەکرد، پاراسیتامۆڵ وەربگرە. بە وریاییەوە ڕێنماییەکانی سەر بوتڵ یان پاکەتەکە بخوێنەوە و ژەمی دروست بەگوێرەی تەمەنی خۆت وەربگرە. ئەگەر پێویست بێت، دوای 4 تا 6 کاتژمێر ژەمی دووەمیش وەربگرە.

ئەگەر پلەی گەرمی هێشتا بەرز بوو دوای ژەمی دووەم، قسە لەگەڵ پزیشکی گشتیت (GP) بکە یان پەیوەندی بکە بە NHS هێڵی یارمەتی بێ بەرامبەر 111.

---

لەکاتی بوونی گومان لەبوونی کاریگەرییە لاوەکییەکانی ڤاکسینەکە، دەتوانی ڕاپۆرت پێشکەش بکەیت لە وێبسایتی یەلۆ کارد (Yellow Card) یان لەڕێگەی پەیوەندی کردن بە 0800 731 6789 (9 بەیانی تاوەکو 5 ئێوارە لە ڕۆژانی دووشەممە تاوەکو هەینی) یان لەڕێگەی دابەزاندنی بەرنامەی یەلۆ کارد (Yellow Card) لە www.mhra.gov.uk/yellowcard.

---

**ئێستا کاتێکی باشە تا بزانیت کە تۆ لەکاتی خۆتدایت لەبارەی هەموو کوتانەکان**

### کوتانەکانی NHS

### کوتان بۆ گەنجان

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کوتانی هەرزەکاران سەردانی ئەمە بکە www.nhs.uk/vaccinations یان ئەمە بخوێنەوە https://qrco.de/YoungPeopleImms



**هێشتا زۆر درەنگ نییە کە ڕابگەیت بەو ژەمانەی کە لەدەستتداون.**

ئەم نامیلکەیە دەرکراوە لەلایەن ئاژانسی پاراستنی تەندروستی UK.
© Crown copyright 2023.
1P 100K JULY 2023 (APS). Product code: YP3BG1KS
Kurdish Sorani. UK Health Security Agency gateway number: 2023173.
دەتوانرێ نامیلکەکە داوابکرێت یان دابەزێندرێت لە:
www.healthpublications.gov.uk, بە تەلەفۆن کردن بۆ: 0300 123 1002
(هێڵەکان کراوەن لە 8 بەیانی تاوەکو 6 ئێوارە، دووشەممە تاوەکو هەینی).
کۆپی کاغەزی ئەم نامیلکەیە بە زمانی ئینگلیزی بەردەستە ئەگەر داوا بکرێت.
هەروەها وەرگێڕدراوی ئەم نامیلکەیە بەردەستە لەکاتی داواکردندا.

## ئایا ئەم ڤاکسینە لە چی دەمپارێزێت؟

**T**

### دەردەکۆپان (Tetanus)

دەردەکۆپان (Tetanus) نەخۆشییەکی ئازاربەخشە کە کاریگەری دەکاتە سەر سیستەمی دەمار و دەکرێ ببێتە هۆکاری گرژبوونی ماسولکەکان، و دەبێتە هۆکاری درووستکردنی کێشە بۆ هەناسەدان و کوشتن. ئەمە سەرهەڵدەدات کاتێک ئەو میکرۆبانەی کە لەناو خۆڵ و سەماد هەن دەچنە ناو جەستەوە لەرێگەی برین و سوتانەکانی سەر جەستە. دەردەکۆپان (Tetanus) لە کەسێک بۆ کەسێکی تر ناگوازرێتەوە.

**D**

### وەناق (Diphtheria)

نەخۆشی وەناق (Diphtheria) نەخۆشییەکی ترسناکە کە بەشێوەیەکی ئاسایی دەستپێدەکات بە هەوکردنی گەروو، وە پاشان بە خێرایی دەبێتە هۆکاری درووستکردنی کێشە بۆ هەناسەدان. دەکرێ زیان بە دڵ و سیستەمی دەمار بگەیەنێت، لە حاڵەتی توونددا، دەکرێ نەخۆشەکە بکوژێت.

**IPV**

### ئیفلیجی منداڵان (Polio)

ئیفلیجی منداڵان (Polio) ڤایرۆسێکە هێرش دەکاتە سەر سیستەمی دەمار و دەکرێ ببێتە هۆکاری ئەوەی ماسولکەکان بە هەمیشەیی تووشی ئیفلیجی بن. ئەگەر کاریگەری بکاتە سەر ماسولکەکانی سینگ و مێشک، ئیفلیجی منداڵان (Polio) دەکرێ بتکوژێت.

ڤاکسینی بەهێزکەری هەرزەکاری پێی دەگوترێت ڕیڤاکسیس (Revaxis). دەتوانی نامیلکەی زانیاری نەخۆش بخوێنیتەوە لەم لینکە **www.medicines.org.uk/emc/product/5581/pil**

### ئەگەر من کوترابم لەدژی دەردەکۆپان (tetanus)، وەناق (Diphtheria) و ئیفلیجی منداڵان لە تەمەنی منداڵیدا، ئایا من هێشتا بە تەواوی پارێزراوم؟

نەخێر، هێشتا پێویستیت بە ڤاکسینێکی بەهێزکەر هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پارێزگاری کردن کە پێشووتر وەرتگرتووە.

### پێویستە چەند بەهێزکەر وەربگرم؟

پێویستیت بە کۆی گشتی 5 ژەمی دەردەکۆپان، وەناق (Diphtheria) و ئیفلیجی منداڵان هەیە بۆ بەرزکردنەوە و پاراستنی بەرگریت.

تۆ پێویستە ئەمانەت وەرگرتبێت:

**3 ژەمی یەکەم**
لە تەمەنی منداڵیدا

**ژەمی 4**
ئەوکاتەی تەمەنت لەنێوان 3 بۆ 5 ساڵیدابووە، ئەمە ژەمی بەهێزکەری پێش چوونە قوتابخانەیە

**ژەمی 5**
لە ساڵی 9 دایە
(تەمەن 13 بۆ 14 ساڵی)

### ئایا پێویستیم بە ژەمی بەهێزکەری تر دەبێت لە داهاتوودا؟


ئەگەری هەیە کە پێویستیت بە ژەمی بەهێزکەری تری ئەم ڤاکسینە نەبێت. بەڵام دەکرێ پێویستیت بە ژەمی زیاتر هەبێت ئەگەر سەردانی هەندێک وڵاتی دیاریکراو بکەیت یان ئەگەر بریندار ببیت، دەکرێ پێویستیت بە دەرزییەکی تری دەردەکۆپان (Tetanus) هەبێت. پشکنین لەلای پەرستاری پراکتیکی (مومارەسەکار)ی خۆت بکە لەلای نۆرینگەی پزیشکی گشتیت (GP).

### چۆن بەهێزکەری Td/IPV م پێ دەدرێت؟

تۆ 1 دەرزی لەلای سەرەوەی قۆڵت دەدرێت. هیچ کەسێک حەز بە دەرزی لێدان ناکات، بەڵام ئەمە زۆر بە خێرایی ئەنجام دەدرێت. ئەو دەرزییانەی بەکاردەهێندرێن بچوکن و تەنیا هەست بە برینداربوونێکی زۆر بچوک دەکەیت. ئەگەر کەمێک دوودڵیت لەبارەی وەرگرتنی دەرزییەکە، ئەمە بە پزیشک یان پەرستارەکە بڵێ بەرلەوەی وەریبگریت.

### ئایا هیچ کوتانێکی تر هەیە کە پێویستە ئێستا وەریبگرم؟

کاتێک تۆ بەهێزکەری Td/IPV خۆت وەردەگریت، تۆ هەروەها شیاو دەبیت بۆ وەرگرتنی ڤاکسینی MenACWY. تۆ پێویستە ئەم ڤاکسینە وەربگریت بەرلەوەی قوتابخانە بەجێبهێڵیت. قسە لەگەڵ پەرستاری قوتابخانەت بکە ئەگەر ئەمەت لەدەستداوە و هێشتا لە قوتابخانە دایت. ئەگەر قوتابخانەت جێهێشتووە، پێویستە پەیوەندی بکەیت بە مومارەسەکاری پزیشکی گشتیت بۆ ڕێکخستنی وادەیەک بۆ ئەم مەبەستە. بیرۆکەیەکەی باشە ئەگەر بچیتە لای پزیشکی گشتیت و پشکنین بۆ ئەوەی بکەیت کە ئایا هەموو کوتانەکانت لەکاتی خۆیاندا لەوانە HPV و MMR (سوورێژە، کۆکە و سوورێژەی ئەڵمانی).



**ئەگەر هەرگیز ڤاکسینی MMR ت وەرنەگرتبێت، پێویستە ئێستا ژەمێک وەربگریت و یەکێکی تریش دوای 1 مانگ وەربگریت بۆ ئەوەی پارێزراو بیت لە سوورێژە و کۆکە و سوورێژەی ئەڵمانی.**